له بڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە صەحابە ڕێزدارەكان (رضي الله عنهم وأرضاهم)

(عقيدة أهل السنة والـجماعة في الصحابة الكرام ﷺ وأرضاهم)

**نووسینی زانای پایەدار**
عبد الـمحسن بن حمد العباد البدر
الـمُدرِّس في الـمسجد النبوي

وەرگێڕانی
**محمد عبد الرحمن لطيف**
وتارخوێنی مزگەوتی (شێخ إبراهیم) لە كەلار

**چاپی چوارەم** ١٤٣٨ ك

**ماڵپەری بەهەشت**
**ba8.org**

**ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.**

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

## * پێشەکی دانەر :

الْحَمْدُ لِلَّهِ ، وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّمَ وَبَارَكَ عَلَى عَبْدِهِ وَرَسُوْلِهِ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ ، أَمَّا بَعْدُ :

بەشێك لە ڕەحمەتی خوا بە عەبدەکانی و چاکەکردنی لەگەڵیاندا و فەزڵی بەسەریانەوە بریتی‌یە لەوەی کە لە خودی خۆیان پێغەمبەرێکی بۆ ناردوون بۆ ئەوەی کە پەیامی خوای پەروەردگاریان پێ‌بگەیەنێت ، وە ڕێنماییان بکات بۆ هەموو ئەو وتە و کردەوانەی کە سوودی تێدایە بۆیان ، وە وریا و ئاگاداریان بکاتەوە لە هەموو ئەو وتە و کردەوانەی کە زەرەر و زیانی تێدایە بۆیان ، وە بەڕاستی پێغەمبەر (ﷺ) هەستا بە گەیاندن و بەجێ‌هێنانی ئەوەی کە پێ‌ی نێردرابوو بە تەواوترین و کامڵترین شێوە ، هەر بۆیە ڕێنمایی ئوممەتەکەیی کردووە بۆ هەموو خێر و چاکەیەك ، وە وریا و ئاگاداریانی کردووەتەوە لە هەموو شەڕ و خراپەیەك ، وە ئامۆژگاریانی کردووە بە ئەو پەڕی دڵسۆزیەوە .

وە خوای گەورە کەسانێکی هەڵبژاردووە بۆ هاوەڵێتی کردنی و وەرگرتنی شەریعەتەکەی لێ‌یەوە کە ئەو کەسانە باشترینی ئەم ئوممەتەن کە ئەمانیش باشترینی ئوممەتەکانن ، هەر بۆیە ڕێزی لێ‌ناوون بە هاوەڵێتی کردنی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ، وە لەم ژیانەی دونیادا تایبەتی کردوون بە بینین و

سـەیرکردنیان بـۆی ، وە بـە بیسـتنی فـەرموودەکانی لـە دەمـی پیرۆزیـەوە ، وە ئەمەیش فەزڵ و چاکەی خوایە دەیدات بـە هـەر کەسـێك کـە خـۆی ویسـتی لـێ‌ی ببێت وە خوایش خاوەنی فەزڵ و چاکەی گەورەیە .

## * بەڵگـەکان لـە قورئـان و سـوننەت لەسـەر فـەزڵ و چـاکەی صەحابە و گەورەیی پلەوپایەیان :

وە صـەحابەکانیش لـە پێغەمبـەری خـواوە (ﷺ) ئـەوەیان گەیانـد کـە خـوای گـەورە پێغەمبـەری (ﷺ) پێ‌نـاردبوو لـە روونـاکی و هیدایـەت و ڕێنمـایی بـە کامڵترین و تەواوترین شێوە ، هەر بۆیە ئەجر و پاداشتی گەورەیان دەست کـەوت لەبەر هاوەڵێتی کردنیان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و جیهاد کردنیـان لەگەڵیـدا لـە پێناوی خوا ، وە لەبەر کردەوە گەورەکانیان لە بڵاوکردنەوەی ئیسلام ، وە ئەوان بە وێنەی ئەجر و پاداشتی ئەوانـەی دوای خۆیانیشـیان دەسـت دەکـەوێت چـونکە ئەوان نێوەندگیری نێـوان ئەوانـەی دوای خۆیـان و نێـوان پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بوون ، ـ وە هەرکەسێك بانگەواز بکات بۆ هیدایەت و زانستی بەسوود ئەوا ئـەجر و پاداشتی بۆ هەیە بە وێنەی ئەجر و پاداشتی ئەوانەی کە شـوێنی دەکـەون بـە بـێ ئـەوەی کـە ئـەوە هـیچ لـە ئـەجر و پاداشـتی ئەوانـەی کـە شـوێنی دەکـەون کـەم

بکاتەوە ، هەروەکو چۆن ئەمە سەلمێنراوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) لەو فەرموودەیەی کەوا ئیمامی (مسلم) لە (صەحیحەکەیدا) گێڕاویەتیەوە .

وە خوای گەورە لە کتێبە ئازیز و پیرۆزەکەیدا ستایشی صەحابەکانی کردووە و هەروەها پێغەمبەری خوایش (ﷺ) لە فەرموودە پوختکراوەکانیدا ستایشی کردوون ، وە ئەوەیش بەسە بۆ فەزڵ و چاکێتی و ڕێزداریتیان .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى تَحْتَهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١٠٠﴾﴾ [التوبة] .

واتە : وە پێشینە سەرەتاییەکان لە کۆچبەران و پشتیوانان و ئەوانەی کە شوێنیان کەوتوون بە چاکە خوا لێیان ڕازی بووە و ئەوانیش لە خوا ڕازی بوون و خوا بۆیانی ئامادە کردووە باخانێك کەوا چەندین ڕووبار بە ژێریاندا دەڕوات و بە هەتاهەتایی تێدا دەمێننەوە ، ئەوە سەرکەوتنی گەورەیە .

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ ۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ ۖ تَرَىٰهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا ۖ سِيمَاهُمْ فِى وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ ٱلسُّجُودِ ۚ ذَٰلِكَ مَثَلُهُمْ فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ ۚ وَمَثَلُهُمْ فِى ٱلْإِنجِيلِ كَزَرْعٍ

أَخۡرَجَ شَطۡـَٔهُۥ فَـَٔازَرَهُۥ فَٱسۡتَغۡلَظَ فَٱسۡتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِۦ يُعۡجِبُ ٱلزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ ٱلۡكُفَّارَۗ
وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنۡهُم مَّغۡفِرَةً وَأَجۡرًا عَظِيمَۢا ﴿٢٩﴾ [الفتح] .

واتە : (مُحَمَّد) پێغەمبەری خوایە و ئەوانەیش کە لەگەڵیدان توونـدن بەرامبـەر بە بێباوەڕان و بەڕەحم و بەبەزەییشن لە نێوان خۆیاندا ، دەیانبینیت لـە کڕنـوش و سوجدەدان و مەبەستیان فەزڵ و پاداشـت و ڕەزامەندیـە لـە خـواوە ، نیشـانەی خواپەرستیان لە سیما و ڕوومەتیاندا دیـارە بـە شـوێنەواری سـوجدەبردن ، ئـەوە وەصف و سـیفەتیانە لـە (تەورات)ـدا ، وە وەصـف و سـیفەتیان لـە (ئینجیل)ـدا وەکـو دانەوێڵەیـەك وایـە کـە لـق و پەلـەکانی دەردەخـات و پاڵپشـتی دەکـەن و تووندوتۆڵ دەبێت و ڕێك لەسەر قەدەکەی ڕادەوەستێت و ڕێـك و پێکـی و جـوانی دیمەنەکەی جووتیارەکە سەرسام دەکات بەهەمان شێوەی ئەمـە صـەحابەکانیش پاڵپشـت و پشـتیوانی پێغەمبـەر (موحەممـەد)یان کـرد (ﷺ) و بـە شـێوازێکی تووندوتۆڵ و دامـەزراو و زۆر و دیمـەن جـوانی سەرسـامکار دەرکـەوتن بـۆ ئـەوەی خوای گەورە بیانکاتە مایەی ڕق و قین لێبـوونی بێبـاوەڕان بۆیـان ، خـوا وەعـد و بەڵێنیداوە بە ئیمانداران و چاکەکارانی صـەحابە بـە لێخۆشـبوونی تاوانـەکانیان و ئەجر و پاداشتی گەورە بۆیان .

وە لە فەرمایشتی خوای پاك و بێکەم و کوڕی لە ئاست صـەحابە ڕێزدارەکانـدا (رضي الله عنهم) فەرموویەتی : ﴿لِيَغِيظَ بِهِمُ ٱلۡكُفَّارَ﴾ : ﴿بۆ ئەوەی خوای گـەورە زۆربـوون

و بەهێزبوونی صەحابەکان بکاتە مایەی ڕق و قین لێبوونی بێباوەڕان بۆیان﴾ مەترسیدارترین حوکم و سەختترین هەڕەشە و توندترین بەڵێنی هەڕەشەئامێزی تێدایە بۆ هەرکەسێك ڕق و قینی هەڵبسێت بە هۆی صەحابەکانی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) یان لە دڵیدا شتێك لە قین و کینە و قەڵسبوونی تێدا هەبێت بەرامبەریان .

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿لَا يَسْتَوِي مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ ۚ أُولَٰئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِّنَ الَّذِينَ أَنفَقُوا مِن بَعْدُ وَقَاتَلُوا ۚ وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَىٰ ۚ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿١٠﴾﴾ [الحديد] .

واتە : یەکسان نین ئەوانەتان کە لە پێش فەتح ماڵ و سامانیان لە پێناوی خوادا بەخشیوە و لە ڕووبەڕووی دوژمندا جەنگاون ئەوانە پلەیان گەورەترە لەوانەی کە لە پاش فەتح ماڵ و سامانیان بەخشیوە و جەنگاون ، وە خوای گەورە وەعد و بەڵێنی بەهەشتی داوە بە هەر هەموویان ، وە خوایش بە ووردی شارەزایە لەو کردەوانەی کە دەیکەن .

هەروەها خوای گەورە سەبارەت بەو کەسانەی کە (دەستکەوتی بێجەنگی بێباوەڕانیان / الفَيء)* بەسەردا دابەش دەکرێت فەرموویەتی : ﴿ لِلْفُقَرَآءِ
ٱلْمُهَـٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ
وَرِضْوَٰنًا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّـٰدِقُونَ (٨) وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَـٰنَ مِن
قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِى صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُوا۟ وَيُؤْثِرُونَ
عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ
(٩) وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَٰنِنَا
ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلْإِيمَـٰنِ وَلَا تَجْعَلْ فِى قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ
(١٠) ﴾ [الحشر] .

واتە : ئەو جۆرە دەستکەوتانە بۆ فەقیر و هەژارانی کۆچبەرانە ئەوانەی کە لە نێو وڵات و ماڵ و حاڵی خۆیان دەرکران و مەبەستیان بەوە فەزڵ و پاداشت و ڕەزامەندیە لە خواوە ، وە خوا و پێغەمبەرەکەی سەردەخەن و ئا ئەوانە بریتین لە ڕاستگۆیان (٨) وە ئەوانەیش کە لە وڵاتی مەدینەدا نیشتەجێبوون و ئیمان لە

---

* (الفَيء) : بەو شتومەك و زەخیرانە دەوترێت کە لە بێباوەڕەکانەوە بەجێدەمێنێت و بەبێجەنگ و کوشتارکردن دەستی موسڵمانان دەکەوێت . - وەرگێڕ -

دڵیاندا جێگیربووبوو لە پێش هاتنی ئەوان ئا ئەوانە ئەوانەیان خۆشدەوێت کە کۆچیان کردووە بۆلایان و لە ناخیاندا حەسوودی نابەن بەوەی کە پێیان دراوە لە فەزڵ و ڕێز و پێشخستنیان بەسەر ئەمانەوە ، وە پێویستی ئەوان پێش دەخەن بەسەر پێویستی خۆیاندا ، وە هەرکەسێك پارێزراوبێت لە ڕەزیلی و چڵێسی دەروونی ئا ئەوانە بریتین لە سەرفرازان ﴿٩﴾ وە ئەوانەیش کە لە دوای ئەوان هاتن دەڵێن : ئەی پەروەردگارمـــان لە ئێمە و ئەو برایانەشـــمان کە پێشمان کەوتوون بە ئیمان خۆشببە ، وە ڕق و کینە نەخەیتە ناو دڵمانەوە بەرامبەر بە ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ، ئەی پەروەردگارمان بەڕاستی تۆ بە بەزەیی و بە ڕەحمیت .

ئەمانە سێ ئایەتن لە (سورة الحشر)دا :

یەکەمیان : سەبارەت بە کۆچبەران (المهاجرون) .

دووەمیان : سەبارەت بە پشتیوانان (الأنصار) .

سێیەمیان : سەبارەت بە ئەوانەی کە لە پاش کۆچبەران و پشتیوانان دێن و داوای لێخۆشبوونیان بۆ دەکەن و لە خوای گەورە دەپاڕێنەوە کەوا ڕق و کینە نەخاتە ناو دڵیانەوە بەرامبەریان .

وە لە پاش ئەم سێ چینە هیچ شتێکی تر نی‌یە جگە لە ڕیسوایی و کەوتنە نێو داوەکانی شەیتانەوە .

وە لەبەر ئەمە (عَائِشَة رضي الله عنها) سەبارەت بە هەندێك لە ئەو ڕیسوایانە بە (عروة)ی کـــوڕی (الـزبیر)ی فـــەرمووە : ((أُمِـرُوا أَنْ يَسْـتَغْفِرُوا لأَصْـحَابِ رَسُـولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) فَسَبُّوهُمْ))[١].

واتـە : ئەوانـە فـەرمانیان پـێکراوە بـەوەی کـە داوای لێخۆشـبوون بکـەن بـۆ صەحابەکانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کەچی جوێنیان پێدان .

وە (النووي) لــە شــەرحەکەیدا لــە پــاش ئایەتەکــەی ســورەتی (الـحشر)دا فەرموویـەتی : (وَبِـهَذَا اِحْتَجَّ مَالِك فِي أَنَّهُ لَا حَقَّ فِي الْفَيْء لِمَنْ سَبَّ الصَّحَابَة (رضي الله عنهم) لِأَنَّ اللَّه تَعَالَى إِنَّمَا جَعَلَهُ لِمَنْ جَاءَ

بَعْدهمْ مِمَّنْ يَسْتَغْفِر لَهُمْ)[٢].

واتە : ئیمامی (مالك) ئەمەی کردووەتە بەڵگە لەسەر ئـەوەی کـەوا هەرکەسێك جوێن بە صەحابەکان (رضي الله عنهم) بدات و قسەی نابـەجێیان پێبڵێـت ئـەوا هـیچ بەشـی نی‌یە لـە (الفَيء / دەسـتکەوتی بێجـەنگی بێباوەڕانیـان)دا چـونکە خـوای گـەورە

---

[١] أخرجه مسلم في أواخر صحيحه : (٧٤٥٥) .

[٢] شرح صحيح مسلم : (٩ / ٣٥٢) .

ئەمەی داناوە بۆ ئەو کەسانەی کە لە دوای صەحابە هاتوون لەوانەی کە داوای لێخۆشبوونیان بۆ دەکەن .

وە (ابن كثير) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی : (وما أحسن ما استنبط الإمام مالك من هذه الآية الكريمة : أن الرافضي الذي يسبُّ الصحابة ليس له في مال الفيء نصيب لعدم اتصافه بما مدح الله به هؤلاء في قولهم : ﴿ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلْإِيمَٰنِ وَلَا تَجْعَلْ فِى قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٠﴾ ﴾) .

واتە : چەند جوانە ئەوەی کەوا ئیمامی (مالك) ڕەحمەتی خوای لێبێت لەم ئایەتە پیرۆزەوە دەریهێناوە کەوا ئەو شیعەیەی وا جوێن بە صەحابە دەدات هیچ بەشی نییە لە (فَيء)دا لەبەر نەبوونی ئەو سیفەتە تێیدا کەوا خوا مەدح و ستایشی ئەوانەی پێکردووە لەم فەرمایشتەیدا : ﴿ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلْإِيمَٰنِ وَلَا تَجْعَلْ فِى قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٠﴾ ﴾ واتە : ئەی پەروەردگارمان لە ئێمە و ئەو برایانەشمان کە پێشمان کەوتوون بە ئیمان خۆشببە ، وە ڕق و کینە نەخەیتە ناو دڵمانەوە بەرامبەر بەو ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ، ئەی پەروەردگارمان بەڕاستی تۆ بە بەزەیی و بە ڕەحمیت .

وە پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموویەتی : ((خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ))(١).

واتە : باشترینی خەڵك خەڵكانی سەدەکەی منن (واتە : صەحابەکان) ، ئەنجا ئەوانەی کە لە دوای ئەوان دێن ، ئەنجا ئەوانەی کە لە دوای ئەوان دێن .

وە لە فەرموودەی (أبو هريرة رضي الله عنه)وە هاتووە بە لەفزی :

((خَيْرُ أُمَّتِي الْقَرْنُ الَّذِينَ بُعِثْتُ فِيهِمْ ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ)) ، وَاللَّهُ أَعْلَمُ أَذَكَرَ الثَّالِثَ أَمْ لاَ(١) .

واتە : باشترینی ئوممەتەکەم ئەو کەسانەن کە لەو سەدەیەدان وا منیان تێدا نێردراوە (واتە : صەحابەکان) ، ئەنجا ئەوانەی دوای ئەوان ، ئەنجا ئەوانەی دوای ئەوان ، وە خوا زاناترە بەوەی کە ئایا باسی سێیەمیانی کردووە یان نا .

وە لە فەرموودەی (عَائِشَةَ)وە (رضي الله عنها) هاتووە کە فەرموویەتی : سَأَلَ رَجُلٌ النَّبِيَّ (ﷺ) أَيُّ النَّاسِ خَيْرٌ ؟ قَالَ : ((الْقَرْنُ الَّذِي أَنَا فِيهِ ، ثُمَّ الثَّانِي ، ثُمَّ الثَّالِثُ))(٢).

واتە : پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) : ئایا کێ باشترینی خەڵکە ؟ فەرمووی : خەڵکی ئەو سەدەیەی کەوا منی تێدایە (واتە : صەحابەکان) ، ئەنجا

---

(١) أخرجه البخاري ومسلم وغيرهما من حديث عمران بن حصين وعبدالله بن مسعود (رضي الله عنهما) .

(١) أخرجه مسلم .

(٢) أخرجه مسلم .

**ئەوانەی سەدەی دووەم (واتە : تابعینەکان) ، ئەنجا ئەوانەی سەدەی سێیەم (واتە : ئەتباعی تابعینەکان) .**

وَعَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((يَأْتِي عَلَى النَّاسِ زَمَانٌ فَيَغْزُو فِئَامٌ مِنَ النَّاسِ ، فَيُقَالُ هَلْ : فِيكُمْ مَنْ صَاحَبَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) ؟

فَيَقُولُونَ : نَعَمْ ، فَيُفْتَحُ لَهُمْ .

ثُمَّ يَأْتِي عَلَى النَّاسِ زَمَانٌ فَيَغْزُو فِئَامٌ مِنَ النَّاسِ ، فَيُقَالُ : هَلْ فِيكُمْ مَنْ صَاحَبَ أَصْحَابَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ؟

فَيَقُولُونَ : نَعَمْ ، فَيُفْتَحُ لَهُمْ .

ثُمَّ يَأْتِي عَلَى النَّاسِ زَمَانٌ فَيَغْزُو فِئَامٌ مِنَ النَّاسِ ، فَيُقَالُ : هَلْ فِيكُمْ مَنْ صَاحَبَ مَنْ صَاحَبَ أَصْحَابَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ؟

فَيَقُولُونَ : نَعَمْ ، فَيُفْتَحُ لَهُمْ))[1].

---

[1] صحيح البخاري ومسلم .

**فائـدة** : قال الحافظ ابن حجر : (قَالَ اِبْنُ بَطَّال : هُوَ كَقَوْلِهِ فِي الْحَدِيثِ الْآخَر : "خَيْرُكُمْ قَرْنِي ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ" ، لِأَنَّهُ يُفْتَحُ لِلصَّحَابَةِ لِفَضْلِهِمْ ، ثُمَّ لِلتَّابِعِينَ لِفَضْلِهِمْ ، ثُمَّ لِتَابِعِيهِمْ لِفَضْلِهِمْ) [فتح الباري : (٦ / ١٠٩)] .

واتە : سەردەمانێك دێت بەسەر خەڵكدا و كۆمەڵێك لە خـەڵك دەڕۆن بـۆ غـەزا و جیهاد و پێیان دەوترێت : ئایا كەستان تێدایە هـاوەڵێتی پێغەمبـەری خـوای (ﷺ) كردبێت ؟

ئەوانیش دەڵێن : بەڵێ ، بۆیە سەردەكەون بەسەر دوژمندا و وڵاتەكـەیان ئـازاد دەكەن لە دەسەڵاتی بێباوەڕان .

ئەنجا سەردەمانێك دێت بەسەر خەڵكدا و كۆمەڵێك لە خەڵك دەڕۆن بـۆ غــەزا و جیهـــاد و پێیـــان دەوترێـت : ئایـــا كەستـــان تێدایـــە هـــاوەڵێتی صـــەحابەكانی پێغەمبەری خوای (ﷺ) كردبێت ؟

ئەوانیش دەڵێن : بەڵێ ، بۆیە سەردەكەون بەسەر دوژمندا و وڵاتەكـەیان ئـازاد دەكەن لە دەسەڵاتی بێباوەڕان .

ئەنجا سەردەمانێك دێت بەسەر خەڵكدا و كۆمەڵێك لە خـەڵك دەڕۆن بـۆ غـەزا و جیهاد و پێیان دەوترێت : ئایا كەستان تێدایە هاوەڵێتی ئەو كەسانەی كردبێت كە هاوەڵێتی صەحابەكانی پێغەمبەری خوای (ﷺ) كردبێت ؟

ئەوانیش دەڵێن : بەڵێ ، بۆیە سەردەكەون بەسەر دوژمندا و وڵاتەكـەیان ئـازاد دەكەن لە دەسەڵاتی بێباوەڕان .

**وە لـە** (ابن عمر)**ــەوە** (رضي الله عنهما) **فەرموویـەتی :** ((لَا تَسُبُّوا أَصْحَابَ مُحَمَّدٍ (ﷺ) فَلَمَقَامُ أَحَدِهِمْ سَاعَةً ـ يَعْنِي مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ـ خَيْرٌ مِنْ عَمَلِ أَحَدِكُمْ أَرْبَعِينَ سَنَةً))[١].

وفي رواية وكيع : ((خَيْرٌ مِنْ عَمَلِ أَحَدِكُمْ عُمْرَهُ))[٢].

**واتە : جوێن بە صەحابەکانی** (مُحَمَّد ﷺ) **مەدەن و قسەی نابەجێیان پێمەڵێن ، چونکە بەڕاستی ڕاوەستانی یەکێکیان بۆ ساتەوەختێك ـ واتە : لەگەڵ پێغەمبەری خوادا** (ﷺ) **ـ باشترە لە کردەوەی چل** (٤٠) **ساڵی یەکێك لە ئێوە .**

**وە لە ریوایەتەکەی** (وكيع)**دا هاتووە : باشترە لە کردەوەی هەموو تەمەنی یەکێك لە ئێوە .**

**هەروەها کاتێك کە** (سعيد بن زيد ﷺ) **باسی ئەو** (١٠) **صەحابەیەی کردووە کە مژدەی بەهەشتیان پێدراوە فەرموویەتی :** ((لَمَشْهَدُ رَجُلٍ مِنْهُمْ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَغْبَرُّ فِيهِ وَجْهُهُ خَيْرٌ مِنْ عَمَلِ أَحَدِكُمْ عُمْرَهُ وَلَوْ عُمِّرَ عُمْرَ نُوحٍ))[١].

---

[١] رواه ابن بطة بإسناد صحيح كما في "منهاج السنة" لابن تيمية .

[٢] [رواه ابن ماجه في سننه وحسنه الألباني في "صحيح سنن ابن ماجه" رقم : (١٦٢)] .

[١] أخرجه أبو داود والترمذي .                (٢) ذكره ابن الأثير في جامع الأصول .

**واتە : ئامادەبوونی یەك پیاویان لە غەزا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) کە تێیدا ڕوومەتی خۆڵوتۆزاوی بووبێت باشترە لە کردەوەی هەموو تەمەنی یەکێك لە ئێوە ئەگەر چی بە ئەندازەی تەمەنی (نُوح) تەمەن بکات .**

وَعَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ : قِيلَ لِعَائِشَةَ : ((إِنَّ نَاساً يَتَنَاوَلُونَ أَصْحَابَ النَّبِيِّ (ﷺ) حَتَّى أَبَا بَكْرٍ وَعُمَرَ ؟! فَقَالَتْ : وَمَا تَعْجَبُونَ مِنْ هَذَا ؟! انْقَطَعَ عَنْهُمُ الْعَمَلُ فَأَحَبَّ اللهُ أَنْ لا يَقْطَعَ عَنْهُمُ الأَجْرَ))(٢).

**واتە : وترا بە (عَائِشَة ﵂) : خەڵکانێك هەن قسەی نابەجێ بە صەحابەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێن تەنانەت بە ئەبو بەکر و عومەریش ؟! ئەویش فەرمووی : بۆ چی سەرتان سوڕدەمێنێت لە ئەمە ؟! ئەوانە کردەوە کردنیان لێبڕایەوە بەڵام خوا پێیخۆش بوو کەوا ئەجر و پاداشتیان لێنەبڕێتەوە .**

**وە ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر (ﷺ) لەم فەرموودە صەحیحەدا دەبێتە شایەت و پاڵپشت بۆ ئەوە کە فەرموویەتی :** ((إِنَّ الْمُفْلِسَ مِنْ أُمَّتِي يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِصَلَاةٍ وَصِيَامٍ وَزَكَاةٍ ، وَيَأْتِي قَدْ شَتَمَ هَذَا وَقَذَفَ هَذَا ، وَأَكَلَ مَالَ هَذَا ، وَسَفَكَ دَمَ هَذَا ، وَضَرَبَ هَذَا ، فَيُعْطَى هَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ وَهَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ ، فَإِنْ فَنِيَتْ حَسَنَاتُهُ قَبْلَ أَنْ يُقْضَى مَا عَلَيْهِ أُخِذَ مِنْ خَطَايَاهُمْ فَطُرِحَتْ عَلَيْهِ ثُمَّ طُرِحَ فِي النَّارِ))(١).

---

(١) أخرجه مسلم .

واتە : کەسی موفلیس و مایەپووچ لە ئوممەتەکەم ئەو کەسەیە کە لە ڕۆژی قیامەتدا دێت بە نوێژ و ڕۆژوو و زەکاتەوە ، وە دێت و جوێن و قسەی بە ئەمە وتوە ، وە ماڵی ئەمەی خواردووە ، وە خوێنی ئەمەی ڕشتووە ، وە لە ئەمەی داوە ، بۆیە لە حەسەنات و چاکەکانی دەدرێت بە ئەمە ، وە لە حەسەنات و چاکەکانی دەدرێت بە ئەمە ، جا ئەگەر حەسەنات و چاکەی نەما لە پێش ئەوەی کە ئەو حەق و مافانەی وا لەسەریەتی کۆتایی پێبێت ئەوا لە هەڵە و تاوانەکانی خاوەن حەقەکان دەبرێت و دەخرێتە سەری و ئەنجا دەخرێتە ناو ئاگرەوە .

وَعَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ النَّبِيُّ (صلى الله عليه وسلم) : ((لَا تَسُبُّوا أَصْحَابِي ، فَلَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا بَلَغَ مُدَّ أَحَدِهِمْ وَلَا نَصِيفَهُ))(١).

واتە : جوێن و قسەی نابەجێ بە صەحابەکانم مەڵێن ، وە ئەگەر یەکێك لە ئێوە بە وێنەی (کێوی ئوحود) زێڕ و ئاڵتون ببەخشێتەوە ئەوا ناگاتە بەخشینەوەی مشتی یەکێك لە ئەوان و ناشگاتە نیو مشتی بەخشینەوەی یەکێك لە ئەوان .

وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) : ((لَا تَسُبُّوا أَصْحَابِي ، لَا تَسُبُّوا أَصْحَابِي ، فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا أَدْرَكَ مُدَّ أَحَدِهِمْ وَلَا نَصِيفَهُ))(٢).

---

(١) أخرجه البخاري في صحيحه .

واتە : جوێن و قسەی نابەجێ بە صەحابەکانم مەڵێن ، جوێن و قسەی نابەجێ بە صەحابەکانم مەڵێن ، وە سوێند بە ئەو کەسەی کە گیانی منی لەدەستدایە ئەگەر یەکێك لە ئێوە بە وێنەی (کێوی ئوحود) زێڕ و ئاڵتون ببەخشێتەوە ئەوا ناگاتە بەخشینەوەی مشتی یەکێك لە ئەوان و ناشگاتە نیو مشتی بەخشینەوەی یەکێك لە ئەوان .

وأخرجه مسلم من حديث أَبِي سَعِيدٍ (ﷺ) ولفظه : ((كَانَ بَيْنَ خَالِدِ بْنِ الْوَلِيدِ وَبَيْنَ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ شَيْءٌ فَسَبَّهُ خَالِدٌ ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : لَا تَسُبُّوا أَحَدًا مِنْ أَصْحَابِي فَإِنَّ أَحَدَكُمْ لَوْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا أَدْرَكَ مُدَّ أَحَدِهِمْ وَلَا نَصِيفَهُ))(١).

واتە : شتێك هەبوو لە نێوان (خَالِد) کوڕی (الْوَلِيد) و نێوان (عَبْدُ الرَّحْمَنِ) کوڕی (عَوْف)دا لەبەر ئەوە (خَالِد) قسەی نابەجێی پێی وت ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : قسەی نابەجێ بە هیچ یەکێك لە صەحابەکانم مەڵێن ، وە بەڕاستی ئەگەر یەکێك لە ئێوە بە وێنەی (کێوی ئوحود) زێڕ و ئاڵتون ببەخشێتەوە ئەوا ناگاتە بەخشینەوەی مشتی یەکێك لە ئەوان و ناشگاتە نیو مشتی بەخشینەوەی یەکێك لە ئەوان .

---

(٢) أخرجه مسلم في صحيحه .

(١) أخرجه مسلم .

سا ئەگەر شمشێری خوا (خَالِد) کوڕی (الْوَلِيد) و جگە لە ئەو لەوانەی کە لە پاش (الْحُدَيْبِيَة)* موسڵمان بوون کردەوەی زۆریان یەکسان نەبێت بە کردەوەی کەمی (عَبْدُ الرَّحْمَنِ) کوڕی (عَوْف) و جگە لە ئەو لەوانەی کە موسڵمان بوونیان پێش کەوتووە لەگەڵ ئەوەی کە هەر هەموویان ڕێزی هاوەڵێتی کردنی پێغەمبەریان (ﷺ) بەرکەوتووە ئەی دەبێت ئەو کەسانەی وا ڕێزی هاوەڵێتی بوونیان بەرنەکەوتووە چۆنبن بە بەراوود لەگەڵ ئەو چاکەکارانەدا ؟

بەڕاستی دووری نێوانیان فراوانە و بەینیان دوورە لە یەکەوە ، دەبێت خۆڵ چەند دووربێت لە ئەستێرەوە ، بەڵکو دەبێت زەوی حەوتەمین چەند دووربێت لە ئاسامانی حەوتەمینەوە ؟!

ئەوە فەزڵ و چاکەی خوایە دەیدات بە هەر کەسێك کە خۆی ویستی لێ‌ی ببێت وە خوایش خاوەنی فەزڵ و چاکەی گەورەیە .

ئەمانە هەندێك بوون لە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کە بەڵگە بوون لەسەر فەزڵ و چاکی و گەورەیی ئەو چاکەکار و ڕێزدارانە کە نموونەیان نەبووە و ناشبێت (ﷺ) .

---

* کە دەکاتە ساڵی شەشی کۆچی .

❁ ❁ ❁

## * صەحابەکان هەر هەموویان عەدل و سەرڕاستن :

وە صەحابەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر هەموویان عەدل و ڕاساڵ و سەرڕاستن بە شایەتیدانی خوای گەورە بۆیان بەوەی کە صەحابەکان عەدل و ڕاساڵ و سەرڕاستن ، وە بە ستایش کردنیان لە لایەن پێغەمبەرەکەیەوە (ﷺ) .

قال النووي في "التقريب" ـ الذي شرحه السيوطي في "تدريب الراوي" ـ : (**الصَّحَابَةُ كُلُّهُمْ عُدُولٌ ، مَنْ لابَسَ الْفِتَنَ وَغَيْرُهُمْ بِإِجْمَاعِ مَنْ يُعْتَدُّ بِهِ**) .

واتە : صەحابەکان هەر هەموویان عەدل و ڕاساڵ و سەرڕاستن ، ئەوانەیان کە تێوەگلاون بە فیتنە و جگە لەوانیش بە یەکدەنگی و کۆڕای ئەوانەی کە حیساب بۆ قسە و ڕاوبۆچوونیان دەکرێت لە موسڵمانان .

وقال الحافظ ابن حجر في "الإصابة" : (**اتَّفَقَ أَهْلُ السُّنَّةِ وَالْجَمَاعَةِ عَلَى أَنَّ جَمِيعَ الصَّحَابَةِ عُدُولٌ ، وَلَمْ يُخَالِفْ فِي ذَلَكَ إِلاَّ شُذُوذٌ مِنَ الْمُبْتَدِعَةِ**) .

واتــە : ئەهــلی و ســوننە و جەماعــە کــۆڕا و یەکــدەنگن لەســەر ئــەوەی کــە صــەحابەکان هــەر هــەموویان عــەدل و ڕاســاڵ و سەرڕاســـتن ، وە کــەس لەمـــەدا پێچــەوانــەی نەکردووە ئیـــللا

کەسانێکی ڕیزپەڕنەبێت لە بیدعەچی‌یەکان .

لەبەر ئەمە نەزانینی ناو و حاڵی صەحابە ـ لە گێڕانەوەی فــەرموودەدا ـ زیـانی نــی‌یــە ، بۆیــە ئەگــەر تابعی‌یــەك وتــی : (عَنْ رَجُلٍ صَحِبَ النَّبِيَّ ﷺ) واتــە : "لــە پیاوێکەوە کە هاوەڵێتی پێغەمبەری (ﷺ) کردووە" ئەمە هیچ زیانی نی‌یــە بــۆ ئــەو فەرموودەیەی کە دەیگێڕێتەوە ، چونکە نەزانینی ناو و حاڵی صەحابە زیانی نی‌یە لەبەر ئەوەی کە صەحابەکان هەر هەموویان عەدل و ڕاساڵ و سەرڕاستن .

قال الـخطيب البغدادي في كتابه "الكفاية" : (كُلُّ حَدِيثٍ اتَّصَلَ إِسْنَادُهُ بَيْنَ مَنْ رَوَاهُ وَبَيْنَ النَّبِيِّ (ﷺ) لَمْ يَلْزَمِ الْعَمَلُ بِهِ إِلَّا بَعْدَ ثُبُوتِ عَدَالَةِ رِجَالِهِ ، وَيَجِبُ النَّظَرُ فِي أَحْوَالِهِمْ سِوَى الصَّحَابِيِّ الَّذِي رَفَعَهُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ، لأَنَّ عَدَالَةَ الصَّحَابَةِ ثَابِتَةٌ مَعْلُومَةٌ بِتَعْدِيلِ اللهِ لَهُمْ وَإِخْبَارِهِ عَنْ طَهَارَتِهِمْ ، وَاخْتِيَارِهِ لَهُمْ فِي نَصِّ الْقُرْآنِ) .

واتە : هــەر فــەرموودەیەك (سەنەدەکــەی موتتــەصیل)*

* (سەنەدی فەرموودە) بریتی‌یە لە : ئەو زنــجیرە کەسانەی کەوا فەرموودەیەك دەگێڕنــەوە ، بــە واتایــەکی تر : ئەو پیاوانەی کە فەرموودە دەگێڕنەوە .

(موتتەصیل) : واتە : پچڕانی تێدا نەبێت .

بێت لە نێوان ئەو کەسەی کە دەیگێڕێتەوە و لە نێوان پێغەمبەردا (ﷺ) پێویست نییە کردەوەی پێبکرێت ئیللا دوای سەلماندنی عەدالەتی و ڕاساڵێتی و سەرڕاستێتی پیاوانی سەنەدەکەی و پێویستە سەیری حاڵیان بکرێت جگە لەو صەحابەیە نەبێت کە فەرموودەکە بەرز دەکاتەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) چونکە عەدالەتی و ڕاساڵێتی و سەرڕاستێتی صەحابە جێگیر و زانراوە بە شایەتیدانی خوای گەورە بۆیان بەوەی کە ئەوان عەدل و ڕاساڵ و سەرڕاستن ، وە هەواڵدانی سەبارەت بە پاکێتیان و هەڵبژراندنی بۆیان بە دەقی قورئان .

ئەنجا هەندێك ئایەت و فەرموودەی هێناوەتەوە سەبارەت بە فەزڵ و چاکێتی صەحابەکان و پاشان فەرموویەتی :

(على أنه لو لم يرد من الله عز وجل ورسوله (ﷺ) فيهم شيء مِمَّا ذكرناه لأوجبت الحال التي كانوا عليها من الهجرة ، والجهاد ، والنصرة ، وبذل المهج والأموال ، وقتل الآباء والأولاد ، والمناصحة في الدين ، وقوة الإيمان واليقين : القطع على عدالتهم والاعتقاد لنزاهتهم ، وأنَّهم أفضل من جميع المعدلين والمزكين الذين يجيؤن من بعدهم أبد الآبدين ، هذا مذهب كافة العلماء ومن يعتد بقوله من الفقهاء) .

---

(سەنەدی موتتەصیل) : واتە : سەنەدی فەرموودەکە پچڕانی تێدا نییە لە سەرەتای سەنەدەکەوە تا کۆتاییەکەی . - وەرگێڕ -

واتە : سەرەڕای ئەمە ئەگەر لە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەیشیەوە (ﷺ) هیچ شتێك لەبارەیانەوە نەهاتبایەت لەوەی کە باسمان کرد ئەوا ئەو حاڵەی کە ئەوان لەسەری بوون لە کۆچکردن و جیهادکردن و سەرخستن و پشتیوانی کردن و بەخشینی گیان و ماڵ و سامان و کوشتنی باوباپیران و منداڵەکانیان و دڵسۆزی بۆ دین و بەهێزی ئیمان و دڵنیابوونیان : ئەوا ئەو حاڵەتانەیان ئەوە دەخوازێت کە بەیەکلایی باوەڕت هەبێت بە عەدالەتی و ڕاساڵێتی و سەرڕاستێتیان ، وە باوەڕت هەبێت بە پاکێتیان و دووریان لە خراپە ، وە باوەڕت هەبێت بەوەی کە صەحابەکان چاکتر و باشترن لە هەموو ئەو کەسانەی کە شایەتی عەدالەتی و سەرڕاستێتی و پاکێتیان بۆ دەدرێت لە ئەوانەی کە بە هەتاهەتایی لە پاش ئەوان دێن ، ئەمە بیروباوەڕ و بۆچوونی تێکڕای هەموو زانایان و ئەو کەسانەیە کە حیساب بۆ قسەیان دەکرێت لە شارەزایانی دین .

وە (الخطيب البغدادي) بە ئیسنادی خۆی لە (أبو زرعة)وە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : (إِذَا رَأَيْتَ الرَّجُلَ يَنْتَقِصُ أَحَدًا مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَاعْلَمْ أَنَّهُ زِنْدِيقٌ ، وَذَلِكَ أَنَّ الرَّسُولَ (ﷺ) عِنْدنَا حَقٌّ ، وَالْقُرْآنَ حَقٌّ ، وَإِنَّمَا أَدَّى إِلَيْنَا هَذَا الْقُرْآنَ وَالسُّنَنَ أَصْحَابُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ، وَإِنَّمَا يُرِيدُونَ أَنْ يَجْرَحُوا شُهُودَنَا لِيُبْطِلُوا الْكِتَابَ وَالسُّنَّةَ ، وَالْجَرْحُ بِهِمْ أَوْلَى وَهُمْ زَنَادِقَةٌ) .

واتـە : ئەگـەر پیاوێکـت بـینی سـووکایەتی کـرد بـە یـەکێك لـە صـەحابەکانی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـەوا بزانـە کـە ئـەو پیـاوە زنـدیق و بێدینـە ، چـونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە لای ئێمەوە حەق و ڕاستە ، وە قورئانیش حـەق و ڕاسـتە ، وە بەڕاسـتی تـەنها صـەحابەکانی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـەم قورئـان و فەرموودانەیان پێگەیاندووین ، وە ئەوانـە دەیانـەوێت شـایەتحاڵەکانمان بریندار و لەکـەدار بکـەن بـۆ ئـەوەی قورئـان و سـوننەت هەڵبوەشێـننەوە ، بـەڵام خۆیـان شایستەن بە برینداری و لەکەداری و ئەوانە زندیق و بێدینن .

## * پوختەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە صەحابە (رضي الله عنهم) :

وە ڕاوبۆچوون و بیروباوەڕی ئەهلی سـوننە و جەماعـە سـەبارەت بـە صـەحابە نێوەندگیرە لە نێوان زیـادەڕەوی و کـورتڕەوی ، نێوەندگیریـە لـە نێـوان کەسـانی سنوورتێپەڕی زیادەڕەو ئەوانەی کـە ئـەو صـەحابانەی وا بـە گـەورەیان ڕادەگـرن بەرز دەکەنەوە بۆ ئاستێك کە لایەق و شایستە نی یە تەنها بۆ خـوا نـەبێت یـان بـۆ پێغەمبەرانی ، وە لە نێوان کەسانی کورتڕەوی بـێڕێز ئەوانـەی کـە سـووکایەتیان پێدەکەن و جوێنیان پێدەدەن و قسەی نابـەجێیان پـێدەڵێن ، ئـەهلی سـوننە و جەماعە وەسەط و نێوەندگیرن لە نێوان کەسانی زیـادەڕەو و کەسـانی کـورتڕەوی بـێڕێز ، هـەموو صـەحابەیان خۆشـدەوێت و لـەو پلەوپێگەیـە دایانـدەنێن کـە

شایستەی بن بە دادپەروەری و ویژدانـەوە ، بۆیـە بـەرزیان ناکەنـەوە بـۆ ئاسـت و پلەیەك کە شایستەی نەبن ، وە کورتڕەویان لە ئاستدا ناکەن بـەوەی کـە لایـەق و شایستەی نەبن ، وە زمانیان تەڕە بە باسـکردنیان بـەو چـاکی و جـوانـیـیـەی کـە شایستەین ، وە دڵەکانیان ئاوەدانە بە خۆشەویستیان .

وە ئەوەی کە ڕاست و صەحیحە لەوەی کە لە نێوانیاندا روویداوە لە جیاوازی و ناکۆکی و خیلاف ئەوا ئەوان ئیجتیهادیان کردووە تێیدا و ئەوەندەی کە توانیویانە بیر و هەوڵی خۆیانیان تێیدا بەگڕخستووە ، جا یان پێکاویانە و ئـەجر و پاداشـتی ئیجتیهاد کردن و بەگڕخستنی بیر و توانایان و ئەجر و پاداشتی پێکانەکەشیان بـۆ هەیە ، وە یان هەڵەیانکردووە و نەیانپێکاوە و ئەجر و پاداشتی بەگڕخستنی بـیر و توانـا و ئیجتیهـاد کردنەکـەیان بـۆ هەیـە و هەڵەکەشـیان چاوپۆشـی لـێکراوە و پۆشراوە بۆیان ، وە بە مەعصوم و هەڵەنەکەریان نازانن ، بەڵکو ئـەوانیش مـرۆڤن و دەیپێکن و هەڵەیش دەکەن ، بەڵام دەبێت پێکانیان چەند زۆر بێت بـە نیسـبەت پێکانی جگە لە خۆیان ، وە دەبێت هەڵەشیان چەند کەم بێت بە نیسـبەت هەڵـەی جگە لە خۆیان ؟! وە لە لایەن خوایشەوە لـێخۆشبوون و ڕەزامەندیان بۆ هەیە .

وە کتـێبەکـانی ئەهـلی سـوننە پـڕن لـە روونـکـردنــەوەی ئــەم بیروبــاوەڕە پـاك و پوختــە لـە ئاســت ئـەو کەسـە هەڵبـژێردراوانــە لـە مرۆڤــ بـۆ هـاوەڵێتی کردنی چاکترین و باشترین مرۆڤـ (ﷺ) و (ﷺ أَجْمَعِين) .

## * لە وتەکانی پێشەوایانی سەلەف سەبارەت بە صەحابە :

### ١ ـ وتەی ئیمامی (الطَّحاوي) :

وە لەوانە وتەی (الطَّحاوي)یە کە سەبارەت بە بیروباوەڕی ئەهلی سوننە فەرموویەتی : (وَنُحِبُّ أَصْحَابَ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) ، وَلاَ نُفْرِطُ في حُبِّ أَحَدٍ مِنْهُم ، وَلاَ نَتَبَرَّأُ مِنْ أَحَدٍ مِنْهُم ، وَنُبْغِضُ مَنْ يُبْغِضُهُم وَبِغَيْرِ الْخَيْرِ يَذْكُرُهُم ، ولا نُذْكُرُهُم إِلاَّ بِخَيْرٍ , وَحُبُّهُم دِينٌ وَإِيمَانٌ وَإِحْسَانٌ ، وَبُغْضُهُم كُفْرٌ وَنِفَاقٌ وَطُغْيَان) .

واتە : ئێمەی ئەهلی سوننە صەحابەکانی پێغەمبەری خوامان (ﷺ) خۆشدەوێت ، وە سنوورتێناپەڕێنین و زیادەڕەوی ناکەین لە خۆشەویستی هیچ یەکێکیان ، وە حاشا و تەبەڕایش ناکەین لە هیچ یەکێکیان ، وە ڕقمانە لە هەرکەسێك ڕقیبێت لێیان و بەچاکە باسیان نەکات ، وە باسیان ناکەین ئیللا بە خێر و چاکە نەبێت ، وە خۆشویستنیان دین و ئیمان و چاکە و ئیحسانە ، وە ڕقلێبوونیشیان کوفر و دووڕووی و سنووری حەق تێپەڕاندن و توغیانە .

### ٢ ـ وتەی (ابن أبـي زيد القيرواني) :

وە (ابن أبي زيد القيرواني) مالكی لە پێشەكی پەیامە بەناوبانگەكەیدا لە ڕوونكردنەوەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەدا فەرموویەتی : (وَأَنَّ خَيْرَ الْقُرُونِ الْقَرْنُ الَّذِينَ رَأَوا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَآمَنُوا بِهِ ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ، وَأَفْضَلُ الصَّحَابَةِ الْخُلَفَاءُ الرَّاشِدُونَ الْمَهْدِيونَ أَبُو بَكْرٍ ، ثُمَّ عُمَرُ ، ثُمَّ عُثْمَانُ ، ثُمَّ عَلِيٌّ (ﷺ أَجْمَعِين) ، وَأَنْ لا يُذْكَرُ أَحَدٌ مِنْ صَحَابَةِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِلاَّ بِأَحْسَنِ ذِكْرٍ وَالْإِمْسَاكُ عَمَّا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ، وَأَنَّهُمْ أَحَقُّ النَّاسِ أَنْ يُلْتَمَسَ لَهُمْ أَحْسَنَ الْمَخَارِجِ ، وَيُظَنُّ بِهِمْ أَحْسَنَ الْمَذَاهِب) .

واتە : وە ئێمەی ئەهلی سوننە بیروباوەڕمان وایە كە چاكترین و باشترینی خەڵكی سەدەكان خەڵكانی ئەو سەدەیەیە كەوا پێغەمبەری خوایان (ﷺ) بینیوە و باوەڕیان پێیهێناوە ، ئەنجا ئەوانەی دوای ئەوان ، ئەنجا ئەوانەی دوای ئەوان ، وە چاكترین و باشترینی صەحابەكانیش بریتین لە خەلیفە ژیروهۆشمەند و هیدایەتدراوەكان : ئەبو بەكر ، ئەنجا عومەر ، ئەنجا عوسمان ، ئەنجا عەلی ـ خوا لە هەر هەموویان ڕازی بێت ـ ، وە باوەڕمان وایە كە هیچ یەكێك لە صەحابەكانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسنەكرێت ئیللا بە باشترین باس نەبێت ، وە خۆمان بگرینەوە لە باسكردنی ئەو ناكۆكییەی كەوتووەتە نێوانیانەوە ، وە ئەوان شایستەترینی خەڵكن كەوا باشترین بیانوویان بۆ بهێنرێتەوە لەو بوارەدا ، وە باشترین بۆچوون و گومانیان پێببرێت .

**٣ ـ وتەی ئیمامی (أحمد) :**

وە ئیمامی (ئەحمەد)ی کوڕی (حەنبەل) لە کتێبی (السُّنَّة)دا فەرموویەتی :
(وَمِنَ السُّنَّةِ : ذِكْرُ مَحَاسِنِ أَصْحَابِ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) كُلِّهِمْ أَجْمَعِينَ , وَالْكَفُّ عَنْ ذِكْرِ مَسَاوِئِهِمْ وَالْخِلَافِ الَّذِي جَرَى بَيْنَهُمْ , فَمَنْ سَبَّ أَصْحَابَ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) أَوْ واحِدَاً مِنْهُمْ فَهُوَ مُبْتَدِعٌ رَافِضِيٌّ خَبِيثٌ مُخَالِفٌ , لاَ يَقْبَلُ اللَّهُ مِنْهُ صَرْفًا وَلاَ عَدْلاً , بَلْ حُبُّهُمْ سُنَّةٌ ، وَالدُّعَاءُ لَهُمْ قُرْبَةٌ , وَالِاقْتِدَاءُ بِهِمْ وَسِيلَةٌ ، وَالأَخْذُ بِآثَارِهِمْ فَضِيلَةٌ) .

وقال : (وَلَا يَجُوزُ لِأَحَدٍ أَنْ يَذْكُرَ شَيْئَاً مِنْ مَسَاوِئِهِمْ ، وَلا يَطْعَنُ عَلَى أَحَدٍ مِنْهُمْ بِعَيْبٍ وَلا بِنَقْصٍ , فَمَنْ فَعَلَ ذَلَكَ فَقَدْ وَجَبَ عَلَى السُّلْطَانِ تَأْدِيبُهُ وَعُقُوبَتُهُ , وَلَيْسَ لَهُ أَنْ يَعْفُوَ عَنْهُ ، بَلْ يُعَاقِبُهُ ثُمَّ يَسْتَتِيبُهُ فَإِنْ تَابَ قَبِلَ مِنْهُ ، وَإِنْ لَمْ يَتُبْ أَعَادَ عَلَيْهِ الْعُقُوبَةَ ، وَخَلَّدَهُ فِي الْحَبْسِ حَتَّى يَتُوبَ وَيُرَاجِعَ) .

واتە : بەشێك لە بیروباوەڕی ئەهلی سوننە بریتی‌یە لە : باسکردنی چاکەکانی صەحابەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر هەموویان ، وە خۆگرتنەوە لە باسکردنی خراپەکانیان و ئەو جیاوازیەی کە لە نێوانیاندا ڕوویداوە ، وە هەرکەسێك جوێن بدات و قسەی نابەجێ‌بلێت بە صەحابەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) یان بە یەکێك لە صەحابەکان ئەوا ئەو کەسە بیدعەچی و شیعەی ڕافزی و پیس و پێچەوانەکەرە و خوای گەورە فەرز و سوننەتی لێ‌قەبوڵ ناکات ، بەڵکو خۆشویستنیان سوننەتە ، وە دوعاکردن و پاڕانەوە بۆیان نزیك بوونەوەیە لە خوا ، وە چاولێ‌کردنیان ڕێگایە بۆ بەدەستخستنی ڕەزامەندی خوا ، وە وەرگرتنی میراتەکەیان فەزڵ و چاکەیە .

هـەروەها فەرموویـەتی : وە دروسـت نـی‌یـە بـۆ هـیچ کەسـێك باسـی شـتێك لـە خراپەکانیان بکات و تانەبدات لە یەکێکیان بە عەیبەیەك و کـەم و کـوڕی‌یـەك ، وە هەرکـەسێـك ئەوەی کرد ئەوا پێویستە لەسەر کەسـی دەسـڵاتدار تـەمێ‌ی بکـات و سزای بدات ، وە بۆی نـی‌یـە لـێ‌ی‌ببورێـت و چاوپۆشـی لـێ‌بکات ، بـەڵکو سـزای دەدات و پاشان داوای لـێ‌دەکات کـە تەوبـەبکات ، جـا ئەگـەر تەوبـەی کـرد ئـەوا لـێ‌ی‌قەبوڵ دەکات ، وە ئەگەر تەوبەی نەکرد ئەوا دووبارە سـزای دەداتـەوە و لـە حەبسخانە و سجندا دەیهێڵێتەوە تاوەکو تەوبە دەکات و دەگەڕێتەوە .

## ٤ ـ وتەی ئیمامی (أبو عثمان الصابونـي) :

وە ئیمامی (أبو عثمان الصابونـي) لە کتێبی "عقيدة السلف أصحاب الحديث"دا فەرموویەتی : (وَيَرَوْنَ الْكَفَّ عَمَّا شَجَرَ بَيْنَ أَصْحَابِ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) ، وَتَطْهِيرَ الْأَلْسِنَةِ عَنْ ذِكْرِ مَا يَتَضَمَّنُ عَيْبَاً لَهُمْ وَنَقْصَاً فِيْهِمْ ، وَيَرَوْنَ التَّرَحُّمَ عَلَى جَمِيعِهِمْ وَالْمُوَالَاةَ لِكَافَّتِهِم).

واتە : وە ئەهلی سوننە بیروبۆچوون و باوەڕیان بە خۆگرتنەوەیە لە باسـکردنی ئـەوەی کــە لــە نێــوان صــەحابەکانی پێغەمبــەری خــوادا (ﷺ) ڕوویــداوە ، وە پاکڕاگرتنی زمانەکان لە باسکردنی ئەوەی کەوا عەیبەیەك یان کــەم و کــوڕی‌یـەك لەخۆدەگرێت بۆیان ، وە باوەڕیان بەوە هەیـە کـە دوعـای بـەزەیی پێداهاتنـەوە و

ڕەحم پیێکردن بۆ هەر هەموویان بکرێت و دۆستایەتی و لایەنگیری و پشتیوانی لە هەر هەموویان بکرێت .

**٥ ـ وتەی (شیخ الإسلام ابن تیمیة) :**

وە (شیخ الإسلام ابن تیمیة) لە کتێبەکەیدا "العقیدة الواسطیة" فەرموویەتی : (وَمِنْ أُصُولِ أَهْلِ السُّنَّةِ وَالْجَمَاعَةِ : سَلَامَةُ قُلُوبِهِمْ وَأَلْسِنَتِهِمْ لِأَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) كَمَا وَصَفَهُمُ اللَّهُ بِهِ فِي قَوْلِهِ تَعَالَى : ﴿وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ ١٠﴾ [الحشر] ، وَطَاعَةً للنَّبِيِّ (ﷺ) فِي قَوْلِهِ : ((لَا تَسُبُّوا أَصْحَابِي فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا بَلَغَ مُدَّ أَحَدِهِمْ وَلَا نَصِيفَهُ)) .

واتە : لە بنەماکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە بریتییە لە : سەلامەتی و پارێزراوێتی دڵەکانیان و زمانیان لە ئاست صەحابەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) هەروەکو خوای گەورە وەسفی کردوون لەم فەرمایشتەیدا : ﴿وە ئەوانەیش کە لە دوای ئەوان هاتن دەڵێن : ئەی پەروەردگارمان لە ئێمە و ئەو برایانەشمان کە پێشمان کەوتوون بە ئیمان خۆشببە ، وە ڕق و کینە نەخەیتە ناو دڵمانەوە بەرامبەر بە ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ، ئەی پەروەردگارمان

بەڕاستی تۆ بە بەزەیی و بە ڕەحمیت ، وە وەکو گوێڕایەڵی کردنیش بۆ پێغەمبەر (ﷺ) لەم فەرمایشتەیدا : ((جوێن و قسەی نابەجێ بە صەحابەکانم مەڵێن ، وە سوێند بە ئەو کەسەی کە گیانی منی لەدەستدایە ئەگەر یەکێك لە ئێوە بە وێنەی (کێوی ئوحود) زێڕ و ئاڵتون ببەخشێتەوە ئەوا ناگاتە بەخشینەوەی مشتی یەکێك لە ئەوان و ناشگاتە نیو مشتی بەخشینەوەی یەکێك لە ئەوان)) .

وَيَقْبَلُونَ مَا جَاءَ بِهِ الْكِتَابُ وَالسُّنَّةُ وَالْإِجْمَاعُ مِنْ فَضَائِلِهِمْ وَمَرَاتِبِهِمْ ، وَيُفَضِّلُونَ مَنْ أَنْفَقَ مِنْ قَبْلِ الْفَتْحِ ـ وَهُوَ صُلْحُ الْحُدَيْبِيَةِ ـ وَقَاتَلَ عَلَى مَنْ أَنْفَقَ مِنْ بَعْدُ وَقَاتَلَ ، وَيُقَدِّمُونَ الْمُهَاجِرِينَ عَلَى الْأَنْصَارِ .

وَيُؤْمِنُونَ بِأَنَّ اللَّهَ قَالَ لِأَهْلِ بَدْرٍ وَكَانُوا ثَلَاثَ مِائَةٍ وَبِضْعَةَ عَشَرَ : ((اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ ، فَقَدْ غَفَرْتُ لَكُمْ)) .

وَبِأَنَّهُ  يَدْخُلُ النَّارَ أَحَدٌ بَايَعَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ ؛ كَمَا أَخْبَرَ بِهِ النَّبِيُّ (ﷺ) ، بَلْ لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ ، وَكَانُوا أَكْثَرَ مِنْ أَلْفٍ وَأَرْبَعِ مِائَةٍ ، وَيَشْهَدُونَ بِالْجَنَّةِ لِمَنْ شَهِدَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) كَالْعَشَرَةِ ، وَثَابِتِ بْنِ قَيْسِ بْنِ شَمَّاسٍ ، وَغَيْرِهِمْ مِنَ الصَّحَابَةِ .

واتە : وە ئەوەیش قەبوڵ دەکەن کە قورئان و سوننەت و کۆڕای زانایانی لەسەر هاتووە لە باسی فەزڵ و چاکێتی و پلەوپایەیان ، وە ئەوانەیان بە باشتر دەزانن کە لە پێش فەتح ـ کە بریتی‌یە لە صوڵحی حودەیبیە ـ ماڵ و سامانیان لە

پێناوی خوادا بەخشیوە و لە ڕووبەڕووی دوژمندا جەنگاون ، وە کۆچبەران پێش دەخەن بەسەر پشتیوانان ، وە ئیمان و باوەڕیان هەیە بەوەی کە خوای گەورە بە ئەهلی بەدری فەرمووە ـ کە بریتی بوون لە سێسەد و نێوان سیانزە بۆ حەڤدە پیاو ـ : ((کردەوە بکەن بە ویستی خۆتان چونکە من لێتان خۆشبووم)) ، وە باوەڕیشیان هەیە بەوەی کە هیچ یەکێك لەو صەحابانە ناچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە کەوا لە ژێر درەختەکەدا بەیعەت و پەیمان و بەڵێنیاندا بە پێغەمبەر (ﷺ) هەروەکو چۆن پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵیپێداوە .

بەڵکو بەدڵنیایی خوا لێیان ڕازی بووە و ئەوانیش لە خوا ڕازی بوون ، وە ژمارەیان زیاتر بوو لە هەزار و چوارسەد صەحابە ، وە شایەتیش دەدەن بە بەهەشت بۆ هەرکەسێك کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) شایەتی بەهەشتی بۆ دابێت وەکو (١٠) دە صەحابەکە* و (ثابت)ی کوڕی (قیس)ی کوڕی (شماس) و جگە لە ئەوانیش .

---

* **ڕوونکردنەوەیەك** : ئەو دە صەحابەیەی کە مژدەی بەهەشتیان پێدراوە (**الْعَشَرَةُ الْمُبَشَّرَةُ بِالْجَنَّة**) ئەو دە صەحابەیەن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە یەك فەرموودەدا پێکەوە مژدەی بەهەشتی پێداون بۆیە ئەو نازناوەیان بۆدانراوە کە ئەوانیش بریتین لە ئەم صەحابانەی وا ناویان هاتووە لەم فەرموودەیەدا : عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((**أَبُو بَكْرٍ** فِي الْجَنَّةِ ، وَ**عُمَرُ** فِي الْجَنَّةِ ، وَ**عُثْمَانُ** فِي الْجَنَّةِ ، وَ**عَلِيٌّ** فِي الْجَنَّةِ ، وَ**طَلْحَةُ** فِي الْجَنَّةِ ،

وَيُقِرُّونَ بِمَا تَوَاتَرَ بِهِ النَّقْلُ عَنْ أَمِيرِ الْمُؤْمِنِينَ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ (ﷺ) وَغَيْرِهِ مِنْ أَنَّ خَيْرَ هَذِهِ الْأُمَّةِ بَعْدَ نَبِيِّهَا : أَبُو بَكْرٍ ، ثُمَّ عُمَرُ ، وَيُثَلِّثُونَ بِعُثْمَانَ ، وَيُرَبِّعُونَ بِعَلِيٍّ (ﷺ) ؛ كَمَا دَلَّتْ عَلَيْهِ الْآثَارُ ، وَكَمَا أَجْمَعَ الصَّحَابَةُ عَلَى تَقْدِيمِ عُثْمَانَ فِي الْبَيْعَةِ .

مَعَ أَنَّ بَعْضَ أَهْلِ السُّنَّةِ كَانُوا قَدِ اخْتَلَفُوا فِي عُثْمَانَ وَعَلِيٍّ (ﷺ) بَعْدَ اتِّفَاقِهِمْ عَلَى تَقْدِيمِ أَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ أَيُّهُمَا أَفْضَلُ ؟ فَقَدَّمَ قَوْمٌ عُثْمَانَ وَسَكَتُوا ، أَوْ رَبَّعُوا بِعَلِيٍّ ، وَقَدَّمَ قَوْمٌ عَلِيًّا ، وَقَوْمٌ تَوَقَّفُوا ، لَكِنِ اسْتَقَرَّ أَمْرُ أَهْلِ السُّنَّةِ عَلَى تَقْدِيمِ عُثْمَانَ ، ثُمَّ عَلِيٍّ ، وَإِنْ كَانَتْ هَذِهِ الْمَسْأَلَةُ مَسْأَلَةُ عُثْمَانَ وَعَلِيٍّ لَيْسَتْ مِنَ الْأُصُولِ

الَّتِي يُضَلَّلُ الْمُخَالِفُ فِيهَا عِنْدَ جُمْهُورِ أَهْلِ السُّنَّةِ .

لَكِنِ الَّتِي يُضَلَّلُ فِيهَا : مَسْأَلَةُ الْخِلَافَةِ ، وَذَلِكَ أَنَّهُمْ يُؤْمِنُونَ أَنَّ الْخَلِيفَةَ بَعْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) : أَبُو بَكْرٍ ، ثُمَّ عُمَرُ ، ثُمَّ عُثْمَانُ ، ثُمَّ عَلِيٌّ ، وَمَنْ طَعَنَ فِي خِلَافَةِ أَحَدٍ مِنْ هَؤُلَاءِ فَهُوَ أَضَلُّ مِنْ حِمَارِ أَهْلِهِ) .

**واتە : وە ئەهلی سوننە دان بەوەیش دەنێن و باوەڕیان پێیەتی کە بە شێوەی متەواتر گواستراوەتەوە لە ئەمیری ئیماندارانەوە (عەلی) کوڕی (ئەبو طالب) (ﷺ) و جگە لە ئەویش کەوا چاکترین و باشترینی ئەم ئوممەتە لە پاش پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بریتییە لە : (ئەبو بکر) ئەنجا (عومەر) ، وە (عوسمان) بە سێیەم دادەنێن**

---

وَالزُّبَيْرُ فِي الْجَنَّةِ ، وَعَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَوْفٍ فِي الْجَنَّةِ ، وَسَعْدٌ فِي الْجَنَّةِ ، وَسَعِيدٌ فِي الْجَنَّةِ ، وَأَبُو عُبَيْدَةَ بْنُ الْجَرَّاحِ فِي الْجَنَّةِ)) [صحيح سنن الترمذي رقم : (٣٧٤٧)] . - وەرگێڕ -

و (عەلی)ش بە چوارەم (ﷺ) هەروەکو چۆن ئاثارەکان بەڵگەن لەسەری ، وە هەروەکو چۆن صەحابەکان کۆڕابوون لەسەر پێشخستنی (عوسمان) لە بەیعەت پێدانیدا بۆ بوونی بە خەلیفەی موسڵمانان .

ئەمە لەگەڵ ئەوەی کەوا هەندێك لە ئەهلی سوننە پێشتر جیاواز بوون سەبارەت بە (عوسمان و عەلی ﷺ) کە ئایا کامیان باشترن ؟ ئەمە لە پاش ڕێکەوتنیان لەسەر پێشخستنی (ئەبو بکر و عومەر) ، جا خەڵکانێك (عوسمان)یان پێشخستووە و بێدەنگ بوونە ، وە یان (عەلی)ان بە چوارەم داناوە ، وە خەڵکانێکیش (عەلی)ان پێشخستووە ، وە خەڵکانێکیش لەم مەسەلەیەدا وەستاوون و هیچیان نەوتووە .

بەڵام بۆچوونی ئەهلی سوننە جێگیربووە لەسەر پێشخستنی (عوسمان) و پاشان (عەلی) ، ئەگەر چی ئەم بابەتەیش - واتە : بابەتی عوسمان و عەلی - لەو ئوصول و بنامایانە نیەیە کەوا کەسی پێچەوانەکاری تێدا بەگومڕابزانرێت بە لای زۆرینەی ئەهلی سوننەوە ، بەڵام ئەوەی کەوا کەسی پێچەوانەکاری تێدا بەگومڕابزانرێت بابەتی خیلافەت و خەلیفەیەتی بوونە : ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە ئەهلی سوننە باوەڕیان وایە کەوا جێنیشین و خەلیفە لە پاش پێغەمبەری خوا (ﷺ) بریتییە لە : (ئەبو بکر) ئەنجا (عومەر) ئەنجا (عوسمان) ئەنجا (عەلی) .

وە هەرکەسێك تانەبدات لە خیلافەت و خەلیفەیەتی بوونی یەکێك لەوانە ئەوا ئەو کەسە تانەلێدەرە گومڕاترە لە گوێدرێژی کەسوکارەکەی .

ئەنجا (شیخ الإسلام ابن تیمیة) باسی خۆشەویستی ئەهلی سوننەی کردووە بۆ ئەهل و بەیت و کەسوکاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە پشتیوانی کردنیان بۆیان و پارێزگاری کردنیان لە وەسیەت و ڕاسپاردەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێیان ، هەروەها خۆشەویستی و پشتیوانی کردنیان بۆ خێزانەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دایکانی ئیمانداران ، وە باوەڕبوونیشیان بەوەی کەوا هەر ئەوان خێزانی دەبن لە دواڕۆژ و قیامەتدا .

لە پاش ئەمە فەرموویەتی : (وَيَتَبَرَّءُونَ مِنْ طَرِيقَةِ الرَّوَافِضِ الَّذِينَ يُبْغِضُونَ الصَّحَابَةَ وَيَسُبُّونَهُمْ .

وَطَرِيقَةِ النَّوَاصِبِ الَّذِينَ يُؤْذُونَ أَهْلَ الْبَيْتِ بِقَوْلٍ أَوْ عَمَلٍ .

واتە : وە ئەهلی سوننە حاشا و تەبەڕا دەکەن لە ڕێباز و ڕێڕەوی شیعە ڕافیزەکان کەوا ڕقیانە لە صەحابەکان و جوێن و قسەی نابەجێیان پێدەڵێن .

هەروەها حاشا و تەبەڕایش دەکەن لە ڕێباز و ڕێڕەوی نەواصیبە بەرهەڵستکار و دژایەتیکارەکانی ئەهل و بەیت و کەسوکاری پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەزێتیان دەدەن بە وتە یان بە کردەوە .

وَيُمْسِكُونَ عَمَّا شَجَرَ بَيْنَ الصَّحَابَةِ ، وَيَقُولُونَ : إِنَّ هَذِهِ الْآثَارَ الْمَرْوِيَّةَ فِي مَسَاوِيهِمْ مِنْهَا مَا هُوَ كَذِبٌ ، وَمِنْهَا مَا قَدْ زِيدَ فِيهِ وَنُقِصَ وَغُيِّرَ عَنْ وَجْهِهِ ، وَالصَّحِيحُ مِنْهُ هُمْ فِيهِ مَعْذُورُونَ : إِمَّا مُجْتَهِدُونَ مُصِيبُونَ ، وَإِمَّا مُجْتَهِدُونَ مُخْطِئُونَ .

**واتە : وە خۆیشیان دەگرنەوە لە باسکردنی ئەو ناکۆکییەی وا کەوتووەتە نێوان صەحابەکانەوە و دەڵێن : بەڕاستی ئەو ریوایات و ئاثارانەی کەوا گێڕدراوەتەوە سەبارەت بە خراپەکانیان هی وایان تێدایە کە درۆیە ، وە هی واشیان تێدایە کەوا بۆی زیادکراوە و لێی کەم کراوەتەوە و لەسەر شێوەی خۆی گۆڕیویانە ، وە ئەوەشی کە ڕاست و صەحیح بێت ئەوا ئەوان تێیدا عوزر و بیانوویان هەیە : یان ئیجتیهادیان تێیدا کردووە و پێکاویانە ، وە یان ئیجتیهادیان تێیدا کردووە و هەڵەیان کردووە و نەیانپێکاوە .**

وَهُمْ مَعَ ذَلِكَ لَا يَعْتَقِدُونَ أَنَّ كُلَّ وَاحِدٍ مِنَ الصَّحَابَةِ مَعْصُومٌ عَنْ كَبَائِرِ الْإِثْمِ وَصَغَائِرِهِ ، بَلْ يَجُوزُ عَلَيْهِمُ الذُّنُوبُ فِي الْجُمْلَةِ .

وَلَهُمْ مِنَ السَّوَابِقِ وَالْفَضَائِلِ مَا يُوجِبُ مَغْفِرَةَ مَا يَصْدُرُ مِنْهُمْ إِنْ صَدَرَ ، حَتَّى إِنَّهُمْ يُغْفَرُ لَهُمْ مِنَ السَّيِّئَاتِ مَا لَا يُغْفَرُ لِمَنْ بَعْدَهُمْ ؛ لِأَنَّ لَهُمْ مِنَ الْحَسَنَاتِ الَّتِي تَمْحُو السَّيِّئَاتِ مَا لَيْسَ لِمَنْ بَعْدَهُمْ .

وَقَدْ ثَبَتَ بِقَوْلِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَنَّهُمْ خَيْرُ الْقُرُونِ ، وَأَنَّ الْمُدَّ مِنْ أَحَدِهِمْ إِذَا تَصَدَّقَ بِهِ كَانَ أَفْضَلَ مِنْ جَبَلِ أُحُدٍ ذَهَبًا مِمَّنْ بَعْدَهُمْ .

ثُـمَّ إِذَا كَـانَ قَـدْ صَـدَرَ مِـنْ أَحَـدِهِمْ ذَنْـبٌ : فَيَكُـونُ قَـدْ تَابَ مِنْـهُ ، أَوْ أَتَـى بِحَسَنَـاتٍ تَمْحُـوهُ ، أَوْ غُفِـرَ لَـهُ بِفَضْـلِ سَابِقَتِـهِ ، أَوْ بِشَفَـاعَـةِ مُـحَمَّدٍ (ﷺ) الَّـذِي هُـمْ أَحَـقُّ النَّاسِ بِشَفَاعَتِهِ ، أَوِ ابْتُلِيَ بِبَلَاءٍ فِي الدُّنْيَا كُفِّرَ بِهِ عَنْهُ .

فَـإِذَا كَـانَ هَـذَا فِي الـذُّنُوبِ الْمُحَقَّقَـةِ ؛ فَكَيْـفَ الْأُمُـورُ الَّـتِي كَـانُوا فِيهَـا مُـجْتَهِدِينَ : إِنْ أَصَابُوا فَلَهُمْ أَجْرَانِ ، وَإِنْ أَخْطَئُوا فَلَهُمْ أَجْرٌ وَاحِدٌ وَالْخَطَأُ مَغْفُورٌ .

ثُمَّ إِنَّ الْقَـدْرَ الَّـذِي يُنْكَـرُ مِـنْ فِعْلِ بَعْضِـهِمْ قَلِيـلٌ نَـزْرٌ مَغْفُـورٌ فِي جَنْـبِ فَضَائِـلِ الْقَـوْمِ وَمَـحَاسِنِهِمْ ؛ مِنَ الْإِيـمَانِ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ، وَالْـجِهَادِ فِي سَبِيلِهِ ، وَالْـهِجْرَةِ ، وَالنُّصْـرَةِ ، وَالْعِلْمِ النَّافِعِ ، وَالْعَمَلِ الصَّالِحِ .

واتە : وە لەگەڵ ئەوەیشدا ئەهلی سوننە عەقیـدە و باوەڕیـان بـە ئـەوە نـی‌یـە کـەوا هـەر یـەکێك لـە صـەحابەکان مەعصـوم و پـارێزراوە لـە تاوانـە گـەورە و بچووکەکان ، بەڵکو دەکرێت بۆیان تاوانەکان بکەن بە شێوەیەکی گشتی .

بەڵام ئەوەندە پێشینە و فەزڵ و چاکەیان هەیە کەوا لێخۆشـبوونی ئـەوەی کـە لێیانەوە ڕوودەدات ـ ئەگەر ڕوویش بدات ـ بۆ بخوازێت و مسـۆگر بکـات ، تەنانـەت ئەوەندە لێخۆشبوون بۆ تاوانەکانی ئەوان هەیە کە ئەو لێخۆشبوونە بۆ تاوانـەکانی ئەوانەی دوای ئەوان نی‌یە ، چـونکە صـەحابەکان ئەوەنـدە حەسـەنات و چـاکەیان هەیە کە تاوانەکانیان لەسەر بسڕێتەوە کە ئەوانەی دوای ئەوان ئەوەندەیان نـی‌یـە ، وە بـە فەرمایشـتی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) سـەلمێنراوە کـەوا ئـەوان چـاکترین و

باشـترینی خـەڵکی هـەموو سـەردەمەکانن ، وە مشـتێك لـە ئەوانـەوە ئەگـەر ببیەخشێت ئەوا چاکتر و باشترە لە بەخشینی ئەندازەی (کێوی ئوحود) لە ئـاڵتون و زێڕ لە ئەوانەی دوای ئەوانەوە ، ئەنجا ئەگەر لە یەکێکیانەوە تاوانێك ڕوویـدابێت ئـەوا ئەگـەری ئـەوەی هەیـە کـە تەوبـەی لـێکردبێت ، وە یـان ئەوەنـدە چـاکە و حەسـەناتی کـردووە کـە سـڕیبێتەوە ، وە یـان خـوا لـێی خۆشـبووە بـە فـەزڵ و چاکەی پێشینەیەکەی ، وە یان بە شەفاعەتی (مُحَمَّد ﷺ) کە ئـەوان شایسـتەترینی خـەڵکن بـە شـەفاعەتی پێغەمبـەر (ﷺ) ، وە یـان تاقیکراوەتـەوە بـە بەڵایـەك لـە دونیادا کە بووەتە مایەی سڕینەوەی تاوانەکەی .

جا ئەگەر ئەمە بۆ ئەو تاوانانە بێت کە بە دڵنیاییەوە ڕوویانداوە ئەی دەبێت بۆ ئـەو بوارانـە چـۆن بێـت کـە ئـەوان تێیـدا ئیجتیهادیـان کـردووە کـەوا : ئەگـەر پێکابێتیان ئەوا دوو ئەجر و پاداشتیان بـۆ هەیـە وە ئەگـەر هەڵەشـیان کردبێـت و نەیانپێکابێت ئەوا یەك ئەجر و پاداشتیان بۆ هەیە و هەڵەکەیش پۆشراوە بۆیـان و چاوپۆشی لـێکراوە .

ئـەنجا بەڕاسـتی ئـەو ئەندازەیـەی کـەوا ئینکـاری لـێدەکرێت لـە کـردەوەی هەندێکیان ئەندازەیەکی کەم و تۆزێکی نوقم و وون و داپۆشـراوە لـە پـاڵ فـەزڵ و چاکەکانی صەحابەدا لە ئیمان و باوەڕهێنان بە خوا و پێغەمبەرەکـەی و جیهـاد و تێکۆشان لەپێناویدا و هیجرەت و کۆچـکردن و سەرخسـتن و

زانستی بەسوود و کردەوەی چاك .

وَمَنْ نَظَرَ فِي سِيرَةِ الْقَوْمِ بِعِلْمٍ وَبَصِيرَةٍ ، وَمَا مَنَّ اللَّهُ عَلَيْهِمْ بِهِ مِنَ الْفَضَائِلِ ؛ عَلِمَ يَقِينًا أَنَّهُمْ خَيْرُ الْخَلْقِ بَعْدَ الْأَنْبِيَاءِ ، لَا كَانَ وَلَا يَكُونُ مِثْلُهُمْ ، وَأَنَّهُمُ الصَّفْوَةُ مِنْ قُرُونِ هَذِهِ الْأُمَّةِ الَّتِي هِيَ خَيْرُ الْأُمَمِ وَأَكْرَمُهَا عَلَى اللَّهِ) .

واتە : وە هەرکەسێك بە زانست و بەرچاوڕۆشنییەوە بڕوانێتە ژیاننامەی صەحابەکان و سەیری ئەوە بکات کە خوای گەورە منەتی کردووە بەسەریاندا لەو هەموو فەزڵ و چاکانە ئەوا بە دڵنیاییەوە دەزانێت کەوا ئەوان چاکترین و باشترینی خەڵك و بوونەوەرن لە پاش پێغەمبەران ، وە نموونەی ئەوان نەبووە و ناشبێت ، وە ئەوان هەڵبژاردەی خەڵکانی سەردەمەکانی ئەم ئوممەتەن کە باشترینی ئوممەتەکانە و ڕێزدارترینیانە بە لای خواوە .

ئەمانە پێنج نموونە بوون لە وتەکانی سەلەفی صالح لەوەی کە واجب و پێویستە باوەڕت پێی هەبێت لە حەقی چاکترین و باشترینی خەڵك و بوونەوەردا لە پاش هەواڵپێدراوان و پێغەمبەران صەڵەوات و سەلامی خوایان لەسەر بێت و ڕەزای خوایش لە تێکڕای هەموو صەحابەکان بێت .

❁ ❁ ❁

## * تانەدان لە صەحابە تانەدانە لە قورئان و سوننەت :

وە لـەوەی کـە پێویسـتـە پـێی بـزانین و بیرمـان بـۆ لای بـڕوات ئەوەیـە کـە : تانەدان لە ئەو کەسە دەستهەڵچن و هەڵبژاردانـە کـە صـەحابەن (﵃) تانەدانـە لـە دین و ئاین ، چونکە دین نەگەیشتووە بـە ئەوانـەی پـاش ئـەوان تـەنها لـە ڕێگـەی ئەوانــەوە نــەبێت ، وە لــە پێشــەوە لــە وتەکـەی (أبو زرعة)دا ئــەوە باسـکرا کـە فەرموویـەتی : (وَإِنَّمَا أَدَّى إِلَيْنَا هَذَا الْقُرْآنَ وَالسُّنَنَ أَصْحَابُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ، وَإِنَّمَا يُرِيدُونَ أَنْ يَجْرَحُوا شُهُودَنَا لِيُبْطِلُوا الْكِتَابَ وَالسُّنَّةَ ، وَالْجَرْحُ بِهِمْ أَوْلَى وَهُمْ زَنَادِقَةٌ) .

واتە : وە بەڕاسـتی تـەنها صـەحابەکانی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـەم قورئـان و فەرموودانەیان پێگەیاندووین ، وە ئەوانـە دەیانـەوێت شـایەتحاڵەکانمان برینـدار و

لەکـەدار بکـەن بـۆ ئـەوەی قورئـان و سـوننەت هەڵبوەشێـننەوە ، بـەڵام خۆیـان شایستەن بە بریندارى و لەکەدارى و ئەوانە زندیق و بێدینن ، واتە : ئەوانەی کەوا سووکایەتی دەکەن بە یەکێك لە صەحابەکان .

## * تانەدان لە صەحابە زیانیان پێناگەیەنێت :

وە تانـەدان لـە صـەحابە هـیچ زیانیـان پێناگەیـەنێت ، بـەڵکو سـوودیان پێدەگەیەنێت هەروەکو چۆن لـە فەرموودەکـەی کـابرای مـوفلیس و مایەپووچـدا هاتووە و لە پێشەوە باسکرا ، وە زەرەر و زیان ناگەیەنێت تەنها بە خودی کەسی تانەدەر خۆی نەبێت .

جا هەرکەسێك لە دڵیدا خۆشەویستی هەبوو بۆیان و دڵـی سـەلامەت بـوو لـە کینە و ڕق لـێبوونیان ، وە زمانی پاراست لە باسکردنیان تـەنها بـە خێـر و چـاکە نەبێت ئەوا بـا سوپاس و ستایشی خوا بکات لەسەر ئەم نیعمەتـە ، وە بـا داوای دامەزران لە خوا بکات لەسەر ئەم هیدایەت و بەرچاوڕۆشنیی‌یە .

وە هەرکەسێکیش زمـانی بـەرەڵا کـردووە بـە باسـکردنیان بـەوەی لایـەق و شایستە نی‌یە بۆیان ئەوا بـا لە خـودی خۆیـدا لەخوابترسێت ، وە دەسـتبەرداری ئەم جەریمە و تاوانانە ببێت ، وە تەوبە بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای خوا ئەوەنـدەی کە دەرگای تەوبە کردن لە پێشیدا کراوەیە پێش ئەوەی کە

پەشیمان ببێتەوە لە کاتێکدا کە پەشیمانی سوودی نی‌یە .

ئـەی پـەروەردگارمان دڵـەکانمان لامـەدە لـە ڕێگـای ڕاسـت دوای ئـەوەی کـە ڕێنماییت کردین بۆی ، وە لە لایەن خۆتەوە ڕەحمەتمان پێ ببەخشە بەڕاستی تـۆ بەخشـندەیت ، ئـەی پـەروەردگارمان لـە ئێمـە و ئـەو برایانەشـمان کـە پێشـمان کەوتوون بە ئیمان خۆشببە ، وە ڕق و کینـە نەخەیتـە نـاو دڵمانـەوە بەرامبـەر بـە ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ، ئەی پەروەردگارمان بەڕاستی تـۆ بـە بـەزەیی و بـە ڕەحمیت .

۞ ۞ ۞

## ناوەڕۆك

* پێشەکی ............................................ ٣

* بەڵگەکان لە قورئـان و سـوننەت لەسـەر فـەزڵ و چـاکەی صـەحابە و گـەورەیی پلەوپایەیان ........................................ ٤

* صەحابەکان هەر هەموویان عەدل و سەرڕاستن .................. ٢٠

* پـوختــەی بیروبـاوەڕی ئـەهلی سـوننــە و جەمـاعــە سەبـارەت بـە صـەحابە (ﷺ)...................................................... ٢٥

* لە وتەکانی پێشەوایانی سەلەف سەبارەت بە صەحابە : ......... ٢٧

١ ـ وتەی ئیمامی (الطَّحاوي) .................................. ٢٧

٢ ـ وتەی (ابن أبـي زيد القيروانـي) .............................. ٢٨

٣ ـ وتەی ئیمامی (أحمد) ................................... ٢٩

٤ ـ وتەی ئیمامی (أبو عثمان الصابونـي) ........................ ٣١

٥ ـ وتەی (شيخ الإسلام ابن تيمية) .............................. ٣٢

* تانەدان لە صەحابە تانەدانە لە قورئان و سوننەت ................ ٤٣

* تانەدان لە صەحابە زیانیان پێناگەیەنێت ....................... ٤٤

## الشيخ عبد المحسن العباد في سطور

* هو العلامَّة المُحدِّث الشيخ عبد المحسن العباد حفظه الله .

* ولد الشيخ في مدينة الزلفي بتاريخ : (٣ / رمضان / ١٣٥٣) هـ .

* والشيخ عبد المحسن العباد حفظه الله له حظ وافر من وصف "الرَّباني" الوارد ذكرهُ في قوله تعالى : ﴿وَلَٰكِن كُونُوا۟ رَبَّٰنِيِّـۧنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَٰبَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ﴿٧٩﴾﴾ [آل عمران].

### ۞ الشيخ عبد المحسن العبَّاد والتدريس :

فهو عالِمٌ ربانيٌّ ومُدرِّسٌ متفاني حيثُ نذَرَ نفسه للتدريس في المسجد النبوي طوال السنة وقد بدأ بالتدريس فيه منذ عام (١٤٠٦) وهو مستمر في هذا العمل المبارك إلى الآن حيث أمضى فيه ثلاثون عاماً ، وأمضى نصف قرن كامل في التدريس في الجامعة الإسلامية منذ إنشائها وافتتاحها بتاريخ : (٢ / ٦ / ١٣٨١ هـ) . وكان أولَّ من ألقى فيها الدرس . حتَّى أُحيلَ إلى التعاقد بتاريخ : (٢ / ٦ / ١٤٣١ هـ) ، وفي عام (١٣٩٣ هـ) عُيِّنَ نائبا لرئيس الجامعة . وهو الإمام عبد العزيز بن باز رحمه الله . وعمل بهذه الصفة مدَّة سنتين ، ثُمَّ عُيِّنَ رئيسا لها عام (١٣٩٥ هـ) وبقى في هذا المنصب إلى (٢٦ / ١٠ / ١٣٩٩ هـ) ، وقال حفظه الله : (وقد بدأت الدراسة في الجامعة الإسلامية في يوم الأحد الموافق الثاني من جمادي الآخرة عام ١٣٨١ هـ ، ... ، وكنت بحمد الله أولُّ من ألقى

درساً في كلية الشريعة في اليوم الذي فيه بدأت الدراسة ، ... ، قمتُ بحمد الله بالتدريس في الجامعة حتَّى الآن مدة خمسين سنة كملت في يوم الأحد الموافق الثاني من جمادي الآخرة عام ١٣٨١ هـ)[1] .

## ❁ الشيخ عبد المحسن العبّاد وعلاقته وصلته مع الإمام ابن باز رحمه الله :

ـ وقد كان له علاقة خاصَّة وصلة قويَّة مع الشيخ ابن باز رحمه الله ، وكان أولُّ لقاءٌ له مع الشيخ ابن باز عام (١٣٧٢هـ) ، وفي العام الذي تلاهُ درس عليه في الحديث والمصطلح ، وقد صحبه في الجامعة الإسلامية نَحو أربعة عشر عاماً .

ـ وقال عنه : (كان مُدرِّساً ناصحاً وعالِماً كبيراً ومُوجِّهاً ومُرشداً وقدوةً في الخير رحمه الله تعالى) .

ـ وقد ألَّف كتاباً في ترجمة الشيخ ابن باز رحمه الله بعنوان : **(الشيخ عبدالعزيز ابن باز .. نموذجٌ من الرعيل الأول)** .

## ❁ نماذج من ورع الشيخ عبد المحسن العبّاد :

وقد نقل الأخ وليد العلي في مقالٍ له نشره في النت قصتين عن ورع الشيخ عن أحد خريجي الجامعة الإسلامية عن سائقه الشخصي :

---

[1] اقرأ : (كتب ورسائل الشيخ عبدالمحسن العبَّاد حفظه الله) : (١ / ٦ ـ ٩) ، و (ذكريات الشيخ عبدالمحسن العباد عن الجامعة الإسلامية من خلال نصف قرن) مقال كتبه الشيخ بعنوان : (من ذكرياتي عن الجامعة الإسلامية في المدينة المنورة بعد مرور نصف قرن على إنشائها) ، وذلك بتاريخ : (٢٠ / ٦ / ١٤٣١ هـ) .

(الأولى : قال الخريج : سمعتُ سائق الشيخ الذي يذهب به إلى الجامعة ويعود به قال : ما كان يرضى أن يوقف سيارة الجامعة على الطريق من أجل شراء حاجة البيت !

الثانية : وقال سمعته أيضاً يقول : لمَّا انتهت رئاسة السيخ للجامعة الإسلامية . والتي تولَّى رئاستها بعد سماحة الشيخ ابن باز رحمه الله . رأيتُ الشيخَ واقفاً أسفل ينتظر فمررتُ عليه بالسيارة كالعادة لأو له للمنزل فأبى الركوب وقال : ما دريتَ أنا قد انتهتْ مدة رئاستي وقد أرسلتُ لابني يأتي ليأخذني)[٢] !!!

الله أكبر .. هذا والله هو ورع السلف !!

بارك اللهُ في عمر الشيخ عبد المحسن العبَّاد في خيرٍ ورزقه حُسن الخاتمة .

[٢] (نبذة مختصرة عن السيرة الذاتية لفضيلة الشيخ عبد المحسن بن حمد العباد البدر حفظه الله) للأخ وليد العلي وفقه الله .